# جەژنی نەورۆز .. جەژنی رزگاری کەرکوک .. رۆژی جیهانیی شیعر




رەزا شوان / نەرویج

هەموو ساڵێک لە رۆژی ( ٢١ی / ئادار ) بەبۆنەی جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوایەتی کورد و، جەژنی زۆربەی گەلانی ئـاری نەژاد .. کەرنەفـاڵ و ئاهەنگی خۆشی و سەیران و ئاگرکردنەوەی ئاگری نەورۆز لە کوردستـان و لە هەندەراندا سازدەکرێت و .. یـادی جەژنی نەورۆز، هیـوا و گورێکی بە تینترمان پێدەبەخشێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەمان .. نـەورۆز سونبولـی برایەتی و یەک هەستی و یەکێتـی و هـاوخـۆشی و هاوسۆزیمانە .. هیچ جەژنێک نییە کە بەقەی جەژنی نەورۆز لـەدڵی کورد دا پیرۆز و شیرین بێت .. بەم بۆنە پیرۆزەوە، جوانـترین پـیرۆزبایی لە هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەر دەکەین .. لە کوردستان بن یا لە هەرشوێنێکی جیهاندا بن .. بە قەی ژمارەی کوردان .. چەپکە نێـرگزی چاومەستی ئەم بەهـارە رەنگینەەی کوردستانتانتان پێشکەش دەکەین .. بە تـایبەتیش بە پێشـمەرگە قـارەمانەکانە خۆرگرەکانی کوردستان .. تا ئێستا چەنـد جارێک لـەسەر جەژنی نەورۆز بابەتەمان نووسیوە و بڵاومان کردۆتەوە .. شایەنی ئەوەیە چەندین جاری کەش لـەسەر بنووسین و بڵاوی بکەینەوە .

هەر بە بۆنـەی یەکەمین رۆژی سەری ساڵی نوێی کوردیمان (٢٧١٦) وە .. بە بۆنەی یەکەمین رۆژی وەرزی بەهـاری رەنـگین و قەشەنگ و ئەفسووناوی کوردستـان .. وەرزی ژیانەوەی سروشت و گـوڵ و گوڵـزار .. دووبارە سەری ساڵی نوێی کوردی و جەژنی نەورۆز و بەهـار لە کوردستانیان پیـرۆز دەکەین .

هەموو ساڵێک لە رۆژی ( ٢١ی / ئادار) دا، کوردستانیان بە گشتی و کەرکوکییەکان بە تایبەتی .. بە بۆنەی رزگارکردنی شاری کەرکوکی کوردستانی لە (٢١ی/ ئادار/ ١٩٩١) دا، لە ژێردەستی بەعسییە دڕندە شۆڤێنییە رەگەزپەرستەکانی عەرەب .. کە بۆ یەکەمین جاریش ئاڵای پیـرۆزی کوردستان، لـە سەر قـەڵا سەرکەشەکەی کەرکوک دا، هەڵکرا .. جەژنی کەرکووکییەکان بوو بە دوو جـەژن ( جـەژنی نەورۆز ) و ( جـەژنی رزگـاری

کەرکوک ) .. بۆ یەکەمین جاریش مەشخەڵی هەمیشەیی ( بـاوەگـوڕگـوڕ ) دەستلەملانی ئاگری نەورۆز بوو .. نەک هەر من وەکو کەرکوکی زادەیەک .. بەڵکو هەموو کوردێک لە سەراسەری کوردستاندا شانازی بەوەوە دەکەن کە کەرکوک تاجی سەرکەوتنەکانی راپەڕینی کوردستانی لەسەر کرا .. ئای کە چ رۆژێکی خـۆش بوو .. کە دیمەنەکانی قارەمانێتی و جەماوەڕی تووڕە و داخ لە دڵی گەلەکەمان لە کەرکوکدا دەبینران .. کە چۆن پەلاماری مۆڵگەکانی بەعسییەکانیان دەدان .. هەرگیز لە یادم ناچن و هەردەم لە بەرچاومن .. بە چاوی خۆم بینیم، کە چۆن سەرانی بەعسی شۆڤێنی، لە سەرووی هەمووشیانەوە فسفس پاڵەوانی بێڕەوشت ( عەلی کیمیاوی ) بە سەرشۆڕی و، بە بەزیوی لە کەرکوک هەڵهاتن .. چون رسوا بوون و بوونە پەندی زەمانە .

داوا لە پارێزگاری کەرکوک ( دکتۆر نەجمەدین کەریم ) و، لە ( ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ) دەکەین، کە بە فەرمی بڕیار بدەن .. لە ئەمساڵەوە رۆژی (٢١ی/ ئادار )ی هەموو ساڵێک بکرێت بە ( رۆژی کەرکوک ) هاوڕۆژ لەگەڵ ( جـەژنی نـەورۆز ) دا، هەموو ساڵێک لەم یادەدا، کەرنەفاڵ و ئاهەنگی شیاو بەم بۆنەیەوە ساز بکرێت .

هەموو ساڵێ رۆژی (٢١ی/ ئادار ) ( رۆژی جیهانیی شیعر ) یشە، لە ساڵی (١٩٩٩) دا، ( یۆنیسکۆ : رێکخراوی جیهانی بۆ پەروەردە و رۆشنبیری ) بڕیاری دا کە رۆژی (٢١ی/ ئادار ) ی هەموو ساڵێک، بکرێت بە ( رۆژی جیهانیی شیعر ) و، لەم رۆژەدا ئاهەنگ و کۆڕ سازبکرێن .. رێکخراوی یۆنیسکۆ دەڵێت ئامانج لە راگەیاندنی ئەم رۆژە : " تازەکردنەوەی دانان و بەخشینی هێزە بە بزووتنەوە شیعرییە نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان " .

شیعر هێمای زادەی هۆش و بیری مرۆڤە .. شیعر رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەیە، لە سەپاندنی بنەماکانی ئـازادی و دیموکـراتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و دادپەروەری و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤدا .. شیعر گوزارشتە لە هەست و سۆزی ناخی شاعیر .. شیعری رەسەن ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و رۆشنبیری و ئەدەبییە .

بەم بۆنەیەوە، جوانتـرین پیرۆزبایی لەسەرجەم شاعیران و نووسەرانی دڵسۆزی کوردستان دەکەین .. کە وەکو پێشمەرگەیەکی پێنووس، وەکو قارەمانێکی نەترس بە شیعر گوزارشت لە دڵسۆزی و لە هەڵوێست و لە کوردستان پەروەریی خۆیان دەکەن و، بە شیعر  بەرگری لە کوردستانی نیشتمانمان دەکەن .. بێگومان سەنگەرەکانی شیعری رەسەن، کەمتر نین لە سەنگەرەکانی رووبەڕووبوونەوەی نەیاران بە چەک .

هەر بەم بۆنەیەوە .. بۆ هەموو شیعردۆستان .. چەپکێک لە وتەکانی ناودارانم دەربارەی شاعیران و شیعر .. بۆ گوڵبژێر کردوون .. هیوادارم خۆشیتان پێببەخشن :

( بتهۆڤن ) : " شاعیری گەورە، بەنرخترین مرواری گەلەکەیەتی "
( مەدام دۆستایل ) : " شاعیرەکان فێری ژیانیان کردم "
( جێمس ئەنتۆنی فرود ) : " شاعیر راستگۆترین مێژوونووسە "
( شێرکۆ بێکەس ) : " شیعر بروسکەیە، پرسیارە، زلەیە و وریامان دەکاتەوە "
( نزار قەبانی ) : " شیعر پێکەنینە، گریانە، رقە، تورەییە "
( لامارتین ) : " جوانترین شیعر لە سەراسەری جیهاندا، لایەلایەی دایکانە "
( ئازار پاد ) : " کاتێک کە شیعر لە ئاواز دووربکەوێتەوە، وشک دەبێتەوە "
( لەتیف هەڵمەت ) : " شیعر حزبی نییە، لە چایخانەیەکدا دادەنیشێ، نوێژی خۆی دەکات "
( شێخ رەزای تاڵەبانی ) : " ئەگەر شیعرم بۆ بهاتایە و، لەسەر دەم بخەوتمایە دەیخنکاندم "
( تۆماس کارلیل ): " ئێمە ئەگەر بە راستی و دروستی شیعر بخوێنینەوە، ئەوا هەموومان شاعیرین "
( جاکسۆن براون ) : " هەوڵبدە خۆت فێری وێنەکێشان یا شیعر دانان بکەیت، ئەگەر وابکەیت، لە کاتی پەرژاندا دەستبەتاڵ نابیت "
( ستانیسلاو گیزری لیک ) : " شاعیر ماسی لە ئاوێکی خوڕدا دەگرێت، کە بە ناخی خۆیدا تێدەپەڕێت "
( رەسوڵ هەمزاتۆف ) : " شاعیران باڵندەی کۆچەری نین، شیعری بێ نیشتمان و، بێ خاک و، بێ ئاگردان و، بێ ماڵ، درەختی بێ رەگ و، باڵندەی بێ لانەیە "
( عەبدوڵڵا پەشێو ) : " دەریان کردم .. چونکە شیعرم هێڵی بەزاند : لە رووی گەنجینەی دزراودا، گڵۆپێکی دە هەزار ڤۆڵتی داگیرساند ! "
( مارکۆس مارتیالیس ) : " شیعرەکانم کەمێ لاسارن ، بەڵام ژیانم پاکە "
(هیمۆن) : " ئیمپراتۆرییەکان لەناودەچن بەڵام، شیعری باش هیچ کاتێک لەناوناچێت "

( بودا) : " وشەیەک چەژ ببەخشێت .. لە هەزاران وشە باشترە ..
شیعرێک چەژ ببەخشێت .. لە هەزاران شیعر باشترە .. "
( سەلام محەمەد ) : " تا غەم هەبێت شیعریش هەیە، تا مردن هەبێت شیعریش هەیە، لە

دۆزەخدا شیعر هەیە، بەڵام لە بەهەشتدا کەس پێویستی بەوە نییە شیعر بنووسێت "
(سۆلژ نیتسین) : " دەتوانیت هەر نووسەر و شاعیرێک بە بەرهەمەکانیدا بناسیتەوە "
( ئۆسکار وایلد ) : " شاعیر دەتوانێت لەگەڵ هەموو شتێکدا بسازێت، تەنها لەگەڵ هەڵەی چاپدا نەبێت "
(شیرکۆ بێکەس ) : " غەدری گەورە لە کوێ بێت، شیعری منیش لەوێیە "
( کارڵ ساندبۆرک ) : " من هەندێ شیعرم نووسیوە، کە خۆشم لێیان تێناگەم "
(هێرمان کستەن ) : " قاوەخانە ژووری چاوەڕوانی شیعرە "
( میخائیل نەعیمە ) : " شاعیر وێنەگرە، چونکی ئەو شتانەی کە دەیبینێت و، دەیبیستێت، لە بۆتەیەکی جواندا، بە وشە دایان دەڕێژێت "
( ئیسابیل ئەلێند ) : " شاعیرەکان و نانەواکان، دەکرێ وەکو برا سەیر بکرێن، لەو روانگەیەوە، کە هەردووکیان خواردن بە دنیا دەبخشن "
( فەروخزاد ): " هەندێ شاعیر هەن رەفتاری رۆژانەیان، هیچ پەیوەندییەکیان بە شیعرەکانیانەوە نییە .. تا شیعر دەنووسن شاعیرن، پاشان تەواو دەبن "
( ولیام بوتلەر باتس ) : " ئەگەر شاعیر شیعرەکانی خۆی شی بکاتەوە، لە سنووری نهێنییەکانی خۆی نزیک نابێتەوە "
( عەبدوڵڵا گۆران ): بنووسە، بپرسە، مەترسە .. دوو وشەی شیعری جوانت بەسە "

رەزا شوان

بەشی یەکەمی وتەکانی ناوداران دەربارەی منداڵان لە مانگی (سێپتەمبەری/ ٢٠١٢) دا بڵاومان کردەوە .. ئەم وتانەی خوارەوە ، چەپکێکی تری وتە جوانەکانی ناودارانی جیهانی دەربارەی منداڵ و دەربارەی پەروەردە .. بۆ وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردیمان بەو هیوایەی کە سوودیان لێ وەربگرن .

(*) تۆلستۆی :
منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هێمای بێ تاوانی و پاکی و خێر و راستی و جوانییە .

(*) کورت ڤاڵد هایم :
سەرلەبەری دنیا قەرزاری منداڵن .

(*) کۆنفۆشیۆس :
منداڵان، منداڵانی سەردەمی ئێمە نین .. منداڵانی سەردەمی خۆیانن .

(*) پاپلۆ بیکاسۆ :
هەموو منداڵێک هونەرمەندە .. کێشەکە ئەوەیە چۆن بە هونەرمەندی دەمێنێتەوە .

(*) دەلالی لاما :
منداڵان گرنگترین سامانن لە ژیاندا .

(*) عەزیز نەسین :
منیش رۆژانێک منداڵ بووم .

(*) فرۆید :
بەشی زۆری کەسایەتی هەر تاکێک لە تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت .. بە تایبەتیش تا شەش ساڵان .

(*) مەکسیم گۆرگی :
دەتوانین بە زمانێکی شیرین و گونجاوی دوور لە راپۆرتە زانیاری، بە راشکاوی بۆ منداڵان بدوێین .

(*) ئەفلاتوون :
لە نێوان هەموو ئاژەڵەکاندا .. راهێنانی منداڵ گرانترە .

(*) فریدریک دوگلاس :
چاندنی تۆی هێز لە منداڵەکانماندا .. ئاسانترە لە تیمارکردنی پیاوانی رووخاو .

(*) تاگوور :
هەموو منداڵێکی لە دایکبوو ئەم پەیامەی پێیە .. خوا لە مرۆڤ بێ هیوا نەبووە .

(*) جێمس باری :
هەر جارێک منداڵ بڵێت : من بڕوام بە جنۆکە نییە .. جنۆکەیەکی بچووک لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەمرێت .

(*) ماریا مەنتسۆری :
گرنگترین قۆناغ لە ژیانی مرۆڤدا، قۆناغی خوێندنی باڵای زانکۆ نییە، بەڵکو یەکەمین قۆناغی ژیانە، کە لە دایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵانە .

(*) گاندی :

ئەگەر بمانەوێ ئاشتییەکی راستی لە جیهاندا بهێنینەدی .. پێویستە لە منداڵانەوە دەست پێبکەین .

(*) گابرییلا میسترال :

مرۆڤ هەڵەی زۆری کردووە، بەڵام نالەبارتری تاوان کە کردوویەتی پشتگوێخستنی منداڵانە، پەراوێزکردنی کانیاوی ژیانە، دەشێ زۆر شت بۆ کاتێکی تر دوابخرێت، بەڵێ زۆر ، بەڵام تەنها پەروەردەکردنی منداڵان نەبێت، چونکە قۆناغی منداڵی ئەو قۆناغەیە هەموو خانەیەک لە خانەکانی و، هەریەکەش لە هەستەوەرییەکانیشی لەشی گەشە دەکەن .. کەواتە پێویستە لەسەرمان، لە ئەمڕۆوە بکەوینە خۆمان و، کارەکان نەخەینە بەیانی .

(*) جۆن بلۆمب :

کاتێ کە منداڵەکانت ئەو پرسیارانە دەپرسن کە وەڵامیان هەیە .. ئەوە بزانە کە گەورە بوونە .

(*) ئیرما بۆمبیک :

وا باوە، کە ژمارەی منداڵەکانت، لە ژمارەی پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەت زیاتر نەبن .

(*) نیکۆل کیدمان :

من حەزم لە نواندنە ... بەڵام خۆشییەکی گەورەتر دەبینم کە لەگەڵ منداڵاندا دەچم بۆ باخچەی ئاژەڵان .

(*) ڤیکتۆر هۆگۆ :

کە منداڵێک لە دایک دەبێت، خۆشیش دێت و، رووناکیش شەوقەداتەوە .

(*) سوقرات :

ئەی پیاوان .. ئێوە هەموو بایەخێکتان داوەتە پارە کۆکردنەوە .. بەڵام بە کەمی بیر لە منداڵەکانتان دەکەنەوە، کە ئەو پارانەیان بۆ بەجێ دەهێڵن .

(*) لێدیا سیفۆرنی :

ئەو نەریتانەی کە منداڵان، لە قۆناغی زووی منداڵیدا فێری دەبن، ئەمانەن ئەوە دیاری دەکەن ئایا ئەم منداڵانە، بە هەژاری یا بە دەوڵەمەنی ژیان بەسەردەبەن، بەرهەمهێنەر

دەبن یا تەمەڵ دەبن، خێر یا شەریان زیاترە .. دەبا هەر لە منداڵییەوە فێری نەریتی باشیان بکەین، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشیان بۆ دەستەبەر بکەین .

(*) ئێگنس ئێشت :

نالەبارترین شت لە زانیاری دەروونناسی منداڵاندا، ئەوەیە کە منداڵان لێی تێ ناگەن .

(*) هاردنگ :

خۆشنوودکردن و فێرکردنی منداڵ لە ئەمڕۆدا .. دوو بەقەی دۆێنێ تێ دەچێت .

(*) دوروتی نوو نونتی :

ئەگەرهات منداڵ لە کەشوهەوایەکدا بژی رازی بێت .. فێری ئەوەش بووە کە لە خودی خۆی رازی بێت .

(*) گۆتە :

دەشێ منداڵان بە ژیری لە دایک بن .. ئەگەر دایک و باوکیان وابن .

(*) جۆن لۆک :

منداڵ کە لەدایک دەبێ، بریتییە لە کاغەزێکی سپی، چیمان بوێت لەسەری دەنووسین .

(*) جان جاک رۆسۆ :

مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایک نەبووە، کە هەر بە منداڵی بمێنێتەوە .

(*) ئەرستۆ :

رەگی پەروەردە تاڵە .. بەڵام بەرەکەی شیرینە .

(*) سیمۆر :

پەروەردەی منداڵ، پێویستە بیست ساڵ بەر لە دایکبوونی دەست پێ بکات، ئەویش بە پەروەردەکردنی دایکی .

(*) دانتۆن :

لە دوای پارووی ژیان .. یەکەمین پێویستی گەلان پەروەردەیە .

(*) سوکرات :

پەروەردەی فەوشتی بۆ مرۆڤ .. گرنگترە لە نان و جلەکەی .

(*) تشسترفیڵد :

باشترین راسپاردەی مرۆڤ بۆ خەڵکی .. پەروەردەیەکی باشە .

(*) ڤۆڵتێر :

پەروەردە پێشکەوتنی بەهرەیە .. بەڵام دروستی ناکات .

(*) لامۆنیە :

ئەوەی لە باوەشی دایکماندا فێری دەبین .. هەرگیز ناسڕێتەوە .

(*) هێلین کیلەر :

باشترین ئەنجامی پەروەردە .. لێبووردنە .

(*) حەبووبە حەداد :

منداڵەکەت کوتاڵێکە لە بەردەستدا .. زیرەک بە لە دروونی .

(*) جاک دولا کرۆتیل :

هەڵەی گەورەی پەروەردەکاران ئەوەیە .. باش بە بیری خۆیان ناهێننەوە .. کە ئەوانیش بچووک بوون .

(*) جان جاک رۆسۆ :

ئێوە ئەی رابەر و مامۆستایان، هەوڵبدەن منداڵەکانتان بناسن، چونکە دڵنیام کە نایان ناسن .

(*) جۆن دێوی :

منداڵ ئەو خۆرەیە، کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان، بە دەوریدا دەسووڕێنەوە .

(*) برنادشۆ :

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ، منداڵ دوای زانیاری بکەوێت، نەک زانیاری دوای ئەو بکەوێت .

(*)